www.kurdistannet.org
28-5-2006 14:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەرکووک و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ... کاوە ئەمین



لەم رۆژانەی پێشودا، لە رۆژنامەی چاودێر کە مەلا بەختیار، سەرپەرشتی دەکات، لە ژمارە (٧٨) دا، بە مانشێتی گەورە، نووسیویەتی: "حیزبی کۆمنیستی کرێکاری دژایەتی دەرکردنی تەعریب دەکات". ئەندامێکی ئەو حیزبەش بە ناوی کاک سامان کەریم لە وتارێکی دوورودرێژدا کە لە کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە، لە ژێر پەردەی "مرۆڤدۆستی"دا، زۆر راشکاوانە پارێزگاری لە عەرەبە هاوردەکان دەکات و دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەوە حیزبی بەعس بووە کە تەعریبی کردووە نەک ئەو عەرەبانەی کە پارەو خانوو و سەیارەیان وەرگرتووە و هاتوون لەسەر ماڵی کوردان نیشتەجێ بوون، ئێستاش کە حیزبی بەعس نەماوە نابێت بەزۆر لە کەرکووک دەربکرێن و بەڵکو دەبێت لە ریفراندۆمێکدا کە گوایە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، پێشنیاری کردووە و بە تەنها چارەسەری دەزانێت، بەشداری بکەن، کە ئاخۆ کەرکووک دەبێت بگەرێتەوە سەر ئیدارەی کوردی نەک کوردستان وەک ئەوان دەڵێن، چونکە کەرکووک خۆی بەشێکە لە کوردستان، ئەگەر لە ژێر دەستی رژێمی داگیرکەری عێراقیدا بێت کە سەرۆکۆمارەکەشی کوردە یانیش حکوومەتی کوردی حکومی بکات، جا ئەمە دەچێتە خانەی کام ئایدۆلۆژی و دینی و مرۆڤییەوە، گرنگ نییە. تەعریب ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی واتە بەزۆر بە عەرەب کردن، جا بەزۆر و زۆرداری کورد یانیش تورکمان کردنە عەرەب بێت، یاخود داگیرکردنی ماڵومولکی کورد بێت و ئاوارەکردنی دانیشتوانی کوردستان بێت، خۆ تەعریب هەر لە کەرکووک نەکراوە، بەڵکو لە موسڵ کە لە سەردەمی دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم هەموو باشووری کوردستان کە لکێنرا بە عێراقەوە بە ولایەتی موسڵ ناسراوە، ئێستا بەشێکی زۆری کورد بە هۆی ئەو فشارو کردەوە نامرۆڤانەیەی عەرەبی عێراقی و دەستەڵادارنی ئەو وڵاتەوە، بەشێکیشی دەگەرێتەوە بۆ خۆبەکەمزانی، نەک موسڵ بە کوردستان نازانن، بەڵکو ئەوەتا، رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقەیدە، بە ئاشکرا هەرەشە لە کورد دەکەن کە دەبێت ئەو شارە چۆڵبکەن، دەنا کوشتن و سەربرین چارەنووسیان دەبێت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەناوی مرۆڤدۆستی و ئینتەرناسیۆنالیستییەوە، بە زانابوون بێت یان نەزانی، کەوتوونەتە خزمەتی عروبەوە، لەلایەک بۆ چاوبەستی خەڵکی داوی ریفراندۆم دەکەن بۆ کوردستان لەلایەکی ترەوە شینی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن، ئەوەش هەمان سیاسەتی، ئیسلامی سیاسی عەرەب و نەتەوەپەرستانی عەرەبەو دەیانەوێت گۆزەکە لەسەری کورددا بشکێنن و، وا لە رایی گشتی عەرەبی و ناوچەکە بگەیەنن کە کورد بە پارتی و یەکیەتیشەوە، ناسیۆنالستن و دەیانەوێت شەرێی نەژادی و ئێتنیکی لە ناوچەکەدا هەڵگیرسێنن، یانیش بانگاشەکردنی ئەوەی کە ئەوە نەوتی کەرکووکە کە وا لە کورد دەکات کەرکووک بگەرێننەوە بۆ ژێر دەستەڵاتی خۆیان، نەک خەڵکەکەی. وەک دەبینین، رۆژانە گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستییەکانی عەرەب، کورد بە هاوکاری ئیسرایل و دژایەتی کردنی ئاینی ئسلام تاوانبار دەکەن.

پاشان، کوا، کام هێزی کوردی داوای قەڵاچۆکردنی عەرەبی هاوردەی کردووە؟ کام هێزی کوردی ماڵی عەرەبێکی هاوردەی روخاندووە، ئەوە نییە هەموو داوا دەکەن کە بەشێوەیەکی مەنتقیانە و پاش ئەوەی کە قەرەبویان بۆ دەکرێتەوە، تەشریفیان بەرنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و خانووە داگیرکراوەکان بدەنەوە بە خاوەن ماڵەکانیان، ئایا ئەمە کوێی نامرۆڤانەیە، خۆ تەنانەت ئاژەڵێکیش بەزۆر

کولانەکەی لێ تێکبدەیت، هەتا بۆی بکرێت شالاوت بۆ دەهێنێت، ئیتر بۆ ئەگەر کوردێکی کەرکووکی بیەوێت بچێتەوە سەر ماڵ و حاڵی داگیرکراوی، دەبێت مۆری شۆڤێنستی و نائینسانی پێوە بنرێت؟ من بەلامەوە سەیرە، پارتی چارەسەری کە خۆی بە پارتێکی نەتەوەیی و دیموکراتی دەزانێت دەیەوێت لەگەڵ پارتێکی عێراقی وەکو کۆمۆنیستی کرێکاری بەرە دروستبکات کە بەقەرنێکی تریش ناتوانن شارەوانییەکی نە کوردستان و نە عێراقیش بەدەست بهێنن (ئەمە وەک توانج ناڵێم، بەڵکو بە قەناعەتەوە ئەوە دەڵێم و بڕواشم بە ئازادی هەموو تاکێک و گروپێک هەیە کە ڕێگایان لێنەگیرێت لە خەبات کردنیان، مەگەر ڕاسیست یانیش دژی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کوردبن) . بەداخەوە لە باشووری کوردستاندا، شتێک نییە ناوی ئۆپۆزیسیۆن بێت بە پارتی چارەسەریشەوە، ئەگەر پارتی و یەکێتی وەزیرێکیان بدەنێ یا بێ وەزارەتیش بێت، ئەوا دڵنیام وەک پارتەکانی تر بەهەر دە پەنجەکەیان ئیمزای دەکەن بۆ پارتی و یەکێتی و دەچنە نێو ئەو گۆڤەندەی کە ئەمڕۆ ئەوان پێیان وایە نادیموکراتییە.

پاشان کاک سامان، مەلا بەختیار بە نەتەوەپەرست لەقەڵەم دەدات لە کاتێکدا کاک مەلا بەختیار یەک دوو ساڵ لە پێناوی عێراقچێتیدا، زیندانی سیایسی بوو لای ئەو پارتەی کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتییەتی.

پێشنیاری ڕیفراندۆم لەسەر گەڕانەوەی کەرکووک بۆ ژێر دەستەڵاتی کوردی لەلای هەر کەس و تاقمێکەوە بکرێت کارێکی دژە کوردییە، لە کوێی دونیادا بینراوە داوا لە گەلێک بکرێت ڕیفراندۆم بکات کە ئایا ئەو خاکەی کە هەزاران ساڵە لێی دەژی، هی خۆیەتی یان نا؟ ئەگەر کەرکووک تەنها کوردێکیشی لێنەژی مانای ئەوە نییە کە کوردستان نییە، بە ملیۆنان تورک لە ئەڵمانیا دەژین مانای ئەوە نییە کە ئەو شارەی زۆرینەی تورک نشینە دەبێت ڕیفراندۆم بکەن کە ئاخۆ تورکیایە یان ئەڵمانیا. ملوێنێک کورد لە بەغدا و دەوروبەری دەژین مانای ئەوە نییە کە ئەو شوێنە کوردستانە. شارۆچکە هەیە لە بەریتانیا کە خەڵکەکەی هیندی یانیش پاکستانین، مانای ئەوە نییە کە هیندستان و پاکستانە. ئەم تیۆرییە سەقەتانە مەگەر هەر لەسەر نەتەوەیەکی بندەستی وەکو کورد، تاقیبکرێتەوە، کە هەچیەک بن، قەومی نین وەکو حیزبی کۆمۆنیست بانگاشەی بۆ دەکات، ئەگەر کورد وەکو عەرەب و تورک و فارس و ئەلبانی و کرواتی.. هتد بونایە، ئەوە حاڵمان بەو حاڵەی ئێستامان نەدەگەیشت، ڕەنگە ڕۆژێک بێت داوامان لێبکەن کە ڕیفراندۆم بکەین کە ئاخۆ زمانی کوردی زمانە یان نا، ئەوە نییە کاک سامان، چاوی بەرایی نایە، بلێ نەتەوەی کورد، بەڵکو دەڵێت کورد زمان.

من (پ. ک. ک) وەکو حیزبێکی کوردستان دەبینم بە هەموو کەموکورتییەکایشیانەوە بە تایبەتی ئەو هەڵەیەی کە خۆیان لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەپارێزن، کە پێم وایە تاکتیکێکی سەقەتە و لە هەموو کەسیش زیاتر خۆیان زەرەرەوەمەند دەبن لێی، چونکە تا داوای دەوڵەتی کوردیان دەکرد وەک کورد دەڵێت "کوڕێکی تر بوون"، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو حیزبەکان زیاتر چ لە پراکتیک و چ لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردستانیدا، خزمەتی باشتریان کردووە و دەکەن، مشکیلەکە لەوەدایە کە نە خۆیان و نە داگیرکەرانیش بڕوا بەو تیۆریانەیان ناکەن کە گوایە مانای دەوڵەت دروستکردن نییە، ئاخر بەشێکی زۆری کورد لە ڕاگەیاندنی پکک وە فێری دەستەواژەی (باشوور و باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردسستان بوون) و بەدەیان گریلای قارەمانیش لە پێناوی دەوڵەتی کوردیدا شەهید بوون و ڕۆژانە شەهید دەبن، بۆیە داگیرکەران و هاوپەیمانەکانیان بەو شێوە دڕندانەیە هێرشیان دەکەنە سەر، بۆیە دەبێت پکک بە تاکتیک و ستراتیجی خۆیدا بچێتەوە، داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی، نابێت وەکو دژایەتی چارەسەریەی شێوەی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی و تەنانەت مافی کولتووریش، چاوی لێبکرێت.

مەلا بەختیار و ڕۆژنامەكەی دریغیان نەكردووە لە دژایەتی ئەو پارتەدا و بە چرای ڕۆن گەرچەك دەگەڕێن لە كوێ كارێكی خراپ بكەن دەیدۆزنەوە، ئەوەش لە ڕوانگەی ناوچەچێتییەوە دەكەن، ئاخر مەلا بەختیار دەمێكە دەڵێت پكك میوانن و دەبێت وڵاتی ئەوان عێراق بەجێبهێڵن، نازانم كەسێكی وەك د. فایەق گوڵپی با بڵێین (پ.ک.ک) ش بێت بۆ كوێ باربكات، لە كاتێكدا باوكی لە شەسەتكاندا لەسەر كوردایەتی و ڕێبازی بارزانی نەمر شەهید بووە، ئەمە بەو مانایە نییە كە من لایەنگری لە پارتی چارەسەری دەكەم و بگرە ڕەنگە هێندەی یەكێتی ڕەخنەم لێیان هەیە، ڕەخنەگرتنیش مانای دوژنمایەتی نییە، ئاخر بەلای منەوە كوردستان چەندە موڵكی مەلا بەختیار و یەكێتییە، هێندەش موڵكی هەموو تاكێكی كوردستانییە و مافی خۆیانە چۆن بیردەكەنەوە. هەچ هەنگاوێكیش كورد بەرەو ناحاڵیبوون لە یەكتری بەرێت، جا چ جای شەڕی كورد كوژی، خزمەتە بە داگیركەران و، كورد لە مەنزڵگەی ئازادی دوورتر دەخاتەوە.

پارتە كوردستانییەكان دەبێت لە خزمەتی دۆزی كورد و بەدەوڵەتكردنیدا بن و شەرم نەكەن لە نەتەوەیی بوون، نەتەوەیی ڕاستەقینە، واتە ڕێزگرتن لە نەتەوەكانی تر، هەر نەتەوەیەك، نەتەوەیەكی تری لە خۆی پێ زیاتر بێت یان كەمتر، ئەوە نەتەوە نییە و تا دەمرێت دەبێت هەر بە كۆیلەیی بمێنێتەوە.

داواكردنی گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنی خۆیان، مانای "تەكرید" كردن نییە وەك كاك سامان، بانگاشەی بۆ دەكات، ناسیۆنالیستی كورد پرۆژەیەكی دیموكراتییە، چونكە نە ماڵی كەسی داگیر كردووە و نە ماڵی كەسیش بەهی خۆی دەزانێت، دڵنیاشم ئەگەر ڕۆژێك دەوڵەتێكی كوردیی دابمەزرێت و خەڵكانی نەتەوەیی ڕاستەقینە بەڕێوەی بەرن، دڵفراوانترین دەوڵەت دەبێت لە ناوچەكەو دونیاشدا، چونكە خەڵكانی نەتەوەیی دەمێكە دروشمی "كوردستانێكی ئازاد و گەلێكی یەكسانیان" هەڵگرتووە، مەبەستیش لە یەكسانی وەك هەقییە لە نێوان هەموو ئەو نەتەوەو ئاینانەیە كە لە كوردستان دەژین و كوردستان بە موڵكی خۆیان دەزانن.

لە كۆتایشدا، پرسیارێك لە هاوڕێیانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق دەكەم، ئەگەر كوردستان ئازاد بوو و دەوڵەتی خۆی دامەزراند و لە عێراق جیابووەوە، گوایە ئەوان دژی ئەوە نیین، ئەی ئەو كاتە "عێراقە"كەیان چی لێدەكەن دەیكەن بە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستانی یان... ؟

kawaamin@passagen. se